


شنە محەممەد

یاریزانی تۆپی باڵەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# ئاواتی گەورەم ئەوەیە ببمە یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان

کارزان کانەبی



**یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگییەکی زۆر بە سەرجەم یارییە بەکۆمەڵ و تاکەکان دەدات لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق، لە زۆربەی پاڵەوانیەتییەکانیش لە ریزی یانە پلە نایابەکانە، تیپی باڵەی یانەکەش یەکێکە لەم تیپانەی کە خاوەن کۆمەڵێک یاریزانی بەتوانایە کە پاشەڕۆژێکی باش لە چاوەڕوانی ئەواندایە، یەکێک لەکچە یاریزانە لاوەکانیش کچە یاریزان (شنە محەممەد )ـە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری سلێمانییە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی باڵەی کوردستان و عێراق و بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** ئاستی یاری تۆپی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی یاری باڵە تا رادەیەك باشە، بەڵام بەپێی پێویست گرنگی بەم یارییە نادرێت.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

-ئەوەی راستی بێت، کاریگەریی زۆری هەیە و بە ئەنجامنەدانی پاڵەوانیەتی، ئاستی یاریزانانیش لەم یارییە بە رێژەیەکی بەرچاو دادەبەزێت، ئەوش دەبێتە هۆکار بۆ دابەزینی ئاستی ئەم یارییە.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری تۆپی باڵەی کچان بەرەوپێش بچێت؟**

-پێویستە پاڵەوانیەتی بکرێتەوە بۆ هەموو شارەکانی کوردستان، گرنگی پێویست بدەن بە یاری باڵە، چونکە یاریزانی باش هەیە لە شارەکانی کوردستان بۆ ئەوەی بەردەوام بن و ئاستیان دانەبەزێت، ئەوانە هەمووی پێویستە ئەنجام بدرێت.

*** گرفتی یارییەکانی تۆپی باڵە زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

-نەبوونی پاڵەوانیەتی و پێداویستی و نەبوونی هۆڵی وەرزشی ئەوانە هەمووی گرنگن بۆ ئەم یارییە .

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

-نەخێر، هیچ گرێبەستێکم پێشکەش نەکراوە، بەڵام لە خولی کوردستان یاریم بۆ یانەکانی تر کردووە، ئێستا تەنیا یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانیم و پەیوەستم بەم تیپە.

*** وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتووی خۆت بەنیازی چیت؟**

-بەهیوای ئەوەم ببمە یەکێك لە یاریزانە باشەکانی شارەکەم، ئەگەر تەمەن رێگام بدات.

*** ئایا لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە راهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-نەخێر، بە هیچ شێوەیەك، چونکە راهێنەر و یاریزانی باشمان هەیە و ئەگەر گرنگی بە تواناکانیان بدرێت و پشتگیریان بکرێت.

*** بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت وەکو یاریزان چییە؟**

- لە سەرەتای دەستپێکی ژیانی وەرزشیم لە یانەی پێشمەرگە بووم و حەزم کردووە خزمەت بەم یانەیە بکەم.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-پێشنیارەکەم زیاتر گرنگی بدەن بە لایەنی وەرزش بەتایبەتی بۆ کچان و کردنەوەی پاڵەوانیەتی بۆ زیاتر ئاشنابوونی یاریزانەکان و پشتگیری تەواوی وەرزش بکرێ لە کوردستان.

*** خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟**

-خەونی من ئەوەیە کوردستانیش ببێتە یەکێك لەو وڵاتانەی کە پاڵەوانیەتییە گەورەکانی تێدا بەڕێوەدەچێت، ببینە نموونەیەك بۆ ئەو خانمانەی ئارەزووی وەرزش دەکەن و ناتوانن بێنە ناو وەرزش یان هەر بوارێك بێت، بتوانین ئەو ئامانجەی هەمانە بیهێنینەدی، گرنگ نییە چ رەگەزێك خزمەت بکات، دەمانەوێت بۆ خزمەتکردن بە شارەکەمان هەوڵدان هەبێت.

*** بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

-خۆشترین هەستی من و ئاواتی بەرزم ئەوەیە ببمە یەکێك لە یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان.

*** لە هەڵبژاردەی تۆپی باڵەی عێراق داواکراوی؟**

-تا ئێستا نەخێر.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

-بە یاریزانی جیهانی جیبا.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە بەردەوامەی کە بە کچ و کوڕە یاریزانانی شارەکانی کوردستانی دەکات. بەردەوام بن.

# یانەی هەولێر بەردەوامە لە کردنەوەی قوتابخانە بۆ یارییە جیاوازەکان



**ئەکادیمیای تۆپی پێی تەمەنی گەیشتە سێ ساڵ**

لە ساڵی ٢٠١٥ یانەی هەولێر بیروکەی دروستکردنی یەکەمین ئەکادیمیای تایبەت بە بواری تۆپی پێی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان تاوتوێ کرد و بە سەرپەرشتیی سێ ڕاهێنەری ئیتاڵی کارەکەیان دەستپیکردو توانییان لە ماوەیەکی کورتدا کۆمەڵە یاریزانێکی لێهاتوو بۆ تیپەکانی تازەپێگەیشتووان و لاوانی یانەکە دروست بکەن و لە ڕکابەرییەکان سوودیان لێوەربگیرێت، ساڵانەش ژمارەی بەشداربووی منداڵان لەم ئەکادیمیا روو لە زیادبوون دەکات، چونکە ڕاهێنەکان بەشێوەیەکی زانستی و پراکتیکی کارەکانیان ئەنجام دەدەن، لەمبارییەوە د. ئەکرەم ئەمین سەرپەرشتیاری هونەری گشتیی ئەکادیمیا و تیپەکانی لاوان و تازەپێگەیشتووانی یانەی هەولێر لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان سەبارەت بە ئەکادیمیای یانەکە گوتی: خۆشبەختانە توانیمان بۆ سێ ساڵ لەسەر یەکدی بە بێ وەستان بەردەوام بین لە کارکردن و دروستکردنی یاریزانی لێهاتوو بۆ یانەی هەولێر، بەرهەمی کاری سێ ساڵمان دروستکردنی ژمارەیەکی زۆری یاریزان بوو، بەتایبەتی بۆ تیپەکانی لاوان و تازەپێگەیشتووانی یانەکەمان، کە خۆشبەختانە ئێستا یاریزانەکانی ئەم دوو تیپە بەرهەمی ئەکادیمیای یانەکەن.

لە درێژەی قسەکانیدا د.ئەکرەم گوتی: لە ساڵی سێیەم بڕیارمان دا گۆڕانکاری لە ستافی ڕاهێنەرانی ئەکادیمیاکە بکەین، ئەوەش بە دەستنیشانکردنی د.تەها قادر وەکو سەرپەرشتیاری هونەری ئەکادیمیای یانەکە لەگەڵ دەستنیشانکردنی چەند یاریزانێکی پێشووی یانەی هەولێر وەکو ڕاهێنەر لەم ئەکادیمیایە، بەدڵنیاییەوە ئەمانە خزمەتێکی زۆری ئەکادیمیا دەکەن و دەتوانن بەشێوەیەکی زانستی مەشق بە یاریزانەکان بدەن و بتوانن لە دوارۆژ یاریزانی باش بۆ یانەکە دروست بکەن.

لە کۆتایی قسەکەیدا د.ئەکرەم گوتی: بۆ ئەمساڵ پلانمان هەیە کار لەسەر یاریزانەکانی تەمەن (٧ تا ٩) ساڵ و (١٠ تا ١٢) ساڵ و (١٣ تا١٥) ساڵ بکەین و هەروەها پلانی کورتخایەن و درێژ خایەنمان بۆ مەشقەکان ئامادە کردووە، دەتوانم بڵێم لە داهاتوودا ئەم ئەکادیمیایە بەرهەمی باشی بۆ یانەی هەولێر و تۆپی پێی کوردستان دەبێت.

دواتر تەها قادر بەڕێوەبەری هونەری ئەکادیمیای یانەی هەولێر سەبارەت بەم ئەکادیمیایەکە گوتی: لەسەر ئاستی جیهان هەردەم ئەکادیمیا دەبێت تەمەندرێژ بێت و خۆشبەختانە یانەی هەولێر توانی بۆ ساڵی سێیەم لەسەر یەکدی پارێزگاری لەم ئەکادیمیایە بکات، بۆیە پلانی ئێمە لەگەڵ دەستبەکاربوونمان وەکو سەرپەرشتیاری هونەری ئەوەیە، کە بتوانین ڕێژەیەکی زۆری منداڵان روو لەم



**یانەی هەولێر بەمەبەستی زیاتر بایەخدان بە دروستکردنی یاریزان لە زۆربەی یارییەکان، کە لە یانەکەدا ئەنجام دەدرێت، تا ئێستا دوو ئەکادیمیای تایبەتی بەشێوەیەکی زانستی لە هەردوو یاری تۆپی پێ و باڵە بەسەرپەرشتی چەندین پسپۆری تایبەتمەند لەم دوو یارییە کردۆتەوە.**

ئەکادیمیایە بکەن و لە هەردوو وەرزی هاوین و زستاندا لە مەشقەکانیان بەردەوام بن، لەگەڵ ئەوشدا هەوڵ دەدەم مەشقەکان بەشێوەیەکی زانستی ئەنجام بدرێت، ئەوەیش بە پشتبەستن بە چەند راهێنەرێك، کە یاریزانی پێشووی یانەکان بوون و خاوەن بڕوانامەن لە بواری مەشقدا.

لە درێژەی قسەکانیدا د.تەها قادر گوتی: پێویستە لەسەر خانەوادەی مندالاکان بەتەواوی پاڵپشتی ئەکادیمیای یانەی هەولێر بکەن، چونکە بە بێ پاڵپشتیی ئەوان ناتوانین لە کارەکانمان سەرکەوتوو بین، گرنگیشە بۆ منداڵان لەم تەمەنە کە خێزانەکەیان پاڵپشتییان بکات و لە مەشقەکان ئامادە بن، بۆیە لەم ماوەیەدا کار لەسەر ئەوە دەکەم، کە پەیوەندی نێوان راهێنەران و سەرپەرشتیارانی ئەکادیمیا و خانەوادەی یاریزانەکان لە رووی کۆمەڵایەتی بەهێز بکەین، تاوەکو بتوانین بەیەکەوە بە سەر کێشە و گرفتەکاندا زاڵ بین.

لە کۆتایی قسەکانیدا د.تەها قادر گوتی: سوپاسی سەرۆك و ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر دەکەم، کە بە تەواوی پاڵپشتی ئەم ئەکادیمیایە دەکەن و هەموو پێداویستییەکان دابین دەکەن، بەتایبەتی لە رووی دابینکردنی یاریگا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك گرفت هەیە، کە ئومێد وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەهاوکاری دەستەی کارگێڕیی یانەکە بەسەر ئەم گرفتانەشدا زاڵ بین.

**یانەی هەولێر ئەکادیمیایەکی تایبەت بۆ کچانیش دەکاتەوە**

دوای ئەوەی لە ماوەی ئەم سێ ساڵدا ئەکادیمیای یانەی هەولێر لەسەر ئاستی کوڕان سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەستهێنا، یانەی هەولێر بڕیاری دا ئەکادیمیایەکی تایبەتیش بۆ کچان بکاتەوە، بۆ ئەو یاریزانانەی کە تەمەنیان لە نێوان (٨ تا ١٤) ساڵە بۆ ئەوەی بتوانن یاریزانی تۆپی پێی لەسەر ئاستی کچانیش پێش بکەوێت. بەپێی قسەی بەرپرسانی یانەکە، ئامانجی سەرەکی لە کردنەوەی ئەکادیمیایەك تایبەت بە کچان پێشخستنی یاری تۆپی پێی کچانە لە یاریگای گەورە لە شاری هەولێر و کوردستان بۆ ئەوەی بتوانن لە داهاتوودا تیپێکی تایبەت بە کچان لە یاریگەی کراوە دروست بکەن و لە پاڵەوانێتیەکان بەشداری بکەن.

**قوتابخانەی تۆپی باڵەی هەولێر کرایەوە**

دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێر تەنیا بیر لە تۆپی پێی ناکاتەوە، بەڵکو بایەخی بە یارییەکانی تریش داوە، ئەوەتا یانەکە قوتابخانەیەکی تایبەت بە یاری تۆپی باڵە لەسەر ئاستی کوڕان و کچان بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (٧ تا ١٦) ساڵە کردۆتەوە بەسەرپەرشتی وەلید عارەب یاریزانی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق و بە راهێنەرایەتی چەند یاریزانێکی ئێستا و پێشووی یانەکە.

لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەکە رێژەیەکی زۆر لە ئارەزوومەندانی یاری تۆپی باڵە روویان لە هۆڵی داخراوی شەهید فرەنسۆ هەریری کرد بەمەبەستی بەشداریکردن و فێربوونی ئەم یارییە، لەمبارەیەوە وەلید عارەب راهێنەری قوتابخانەی یانەی هەولێر بۆ تۆپی باڵە لە لێدوانێکدا گوتی: ئامانجی سەرەکیی ئێمە پێشخستنی یاری تۆپی باڵەیە، بەتایبەتی لە یانەی هەولێر بۆ ئەوەی بتوانین ژمارەیەکی یاریزانی لێهاتوو بۆ یانەکەمان دروست بکەین و لە داهاتوو سوود لە ئەزموونیان وەربگرین، خۆشبەختانە لە یەکەم مەشق رێژەیەکی زۆری ئارەزوومەند بەشدارییان کرد، بە دڵنیاییەوە ناونووسین لەم قوتابخانەیە بەردەوام دەبێت.

لە درێژەی قسەکانیدا وەلید عارەب گوتی: هەوڵ دەدین لەگەڵ ستافی راهێنەرانی قوتابخانە بەشێوەیەکی زانستی مەشق بە یاریزانەکان بکەین و فێری کارامەیی یاری تۆپی باڵەیان بکەین، پاشان ئاستیان پێشبخەین، ئەمەش پێویستی بە هاوکاری و پاڵپشتی هەموو لایەنێك هەیە.

لە کۆتایی قسەکانیدا وەلید عارەب گوتی: ئامانجی کردنەوەی ئەم قوتابخانەیە درێژخایەنە، بۆیە ئێمە بە بێ وەستان لە هەردوو وەرزی زستانە و هاویندا لە مەشقەکانمان بەردەوام دەبین.








# بەهۆكاری خێزانی تۆتی وازی لەیاریكردن هێنا

فرانشیسكۆ تۆتی ئیتاڵی بەهۆی هاوسەرەكەیەوە بڕیاری وازهێنانی لە تۆپی پێ داوە.

هیدیاكی هانیۆی جێگری سەرۆكی یانەی تۆكیۆ ڤێردی ژاپۆنی بە رۆژنامەی (نیكان سپۆرت)ی راگەیاندووە بەهۆی ئیلرای بلاسی هاوسەری فرانشیسكۆ تۆتییەوە سەركەوتوو نەبووین لەگواستنەوەی ئەو یاریزانەدا .

جێگری سەرۆكی یانە ژاپۆنییەكە گوتی: لەگەڵ تۆتی نزیك بووین لە رێككەوتنی كۆتایی، كارەكە لەوەدا بوو من گەشتی ئیتاڵیا بكەم، بەڵام هاوسەرەكەی تۆتی رێگری لێكرد و دواجاریش ئەفسانەكەی یانەی رۆما بڕیاری وازهێنانی لە تۆپی پێ راگەیاند.

تۆتی دوای تەواوبوونی وەرزی رابردوو وەك یاریزان ماڵئاوایی لەیانەی رۆما كرد، پێشبینیش دەكرا كاروانی یاریكردنی بۆ ئەمریكا یاخود ژاپۆن بگوێزێتەوە، بەڵام بەشێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو بڕیاری وازهێنانی لەیاریی تۆپی پێ راگەیاندو بووە ئەندامی دەستەی كارگێڕیی یانەی رۆما و جێگری بەڕێوەبەری وەرزشیی هەمان یانەشە.

جێی بیرخستنەوەیە تۆتی كە بەپادشاكەی رۆما ناوزەند كراوە، ماوەی ٢٥ ساڵ بۆ یانەی رۆما یاریكردو جگە لەو یانەیە درێسی هیچ یانەیەكی تری نەپۆشیوە.



# جۆهارت چووە وێستهام یۆنایتد

جۆهارتی گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا یانەی مانچستەر سیتی بەجێهێشت و پەیوەندی کرد بەیانەی وێستهام یونایتدەوە.
گۆڵپارێزەکەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا هەفتەی رابردوو بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی بۆ یانەی وێستهام یونایتد گەشتی رۆژهەڵاتی لەندەنی کرد، پاشان بەشێوەی خواستن چووە یانەی وێستهام و یانەی مانچستەر سیتیش بەشێك لەموچەکەی لە ئەستۆ دەگرێت و دوای کۆتاییهاتنی ماوەی خواستنەکەش وێستهام مافی ئەوەی دەبێت بە گرێبەستی یەکجاری جۆهارت بکرێت .
ئەو گۆڵپارێزە تەمەنی ٣٠ساڵەو وەرزی رابردوو بەشێوەی خواستن بۆ یانەی تۆرینۆی ئیتاڵی یاریکرد و دواتریش بەهۆی بوونی هەردوو گۆڵپارێز کلاودیۆ براڤۆ و ئیدیرسۆنەوە لە مانچستەر سیتی پێگەی خۆی لەدەستدا .



## لازیو یاریزانێکی لیڤەرپولی کڕی



یانەی لازیۆی ئیتاڵی گرێبەستی لەگەڵ لۆکاس لیڤای بەرازیلی و یاریزانی یانەی لیڤەرپول مۆرکرد.
لۆکاس لیڤا هەفتەی رابردوو سەرکەوتووانە پشکنینە پزیشکییەکانی تێپەڕاند و بەفەرمی واژووی لەسەر گرێبەستی یانەی لازیۆ کرد.
یانەی لازیۆ بەرامبەر بڕی ٥,٥ ملیۆن یۆرۆ گرێبەستی لەگەڵ لۆکاس لیڤای بەرازیلی مۆرکردووە.
یاریزانە بەرازیلییەکە دوای بەجێهێشتنی لیڤەرپوڵ لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: لیڤەرپوڵ وەکو یانە و شار نموونە بوون .
گوتیشی: هاندەران بەشێکی گرنگی یانەکەن، سوپاسی هەموویان دەکەم بەرامبەر هاوکارییان لەکاتە قورسەکاندا، بە بەردەوامی چاودێری لیڤەرپول دەکەم و بەدڵنیاییشەوە رۆژێك دەبێت بگەڕێمەوە.
لۆکاس لیڤا ماوەی ١٠ ساڵ یاری بۆ لیڤەرپوڵ کردووەو ٣٤٦ یاری لەگەڵدا ئەنجامداوە، یانەی لازیۆش بۆ جێگرتنەوەی لۆکاس بیلیا گرێبەستی لەگەڵدا ئەنجامداوە کە ئەمەی دووەمیان پەیوەندی بەیانەی میلانەوە کرد.

# زێرەڤانی ستافێکی نوێی ڕاهێنەری دیاری کرد



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی زێرەڤانی لە وەرزی ڕابردوو لە خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستان نەیتوانی ئەنجامێکی پێویست بەدەست بهێنیت و بتوانێت لانیکەم بگەڕێتەوە قۆناخەکانی پێشوو، ئەم وەرزەش ستافی تازەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی زێرەڤانی دەیانەوێ تیپەکە بگەڕێتەوە نێو کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی خولی نایابی کوردستان، بۆیە لەگەڵ دەست بەرکاربوونی ستافی تازە لە کارگێڕیی یانەکە بڕیاری گۆڕینی ستافی ڕاهێنەرانیان داو ستافێکی تازەی ڕاهێنەرانیان بۆ تیپی تۆپی پێی یانەکە دەستنیشان کرد، دەستەی تازەی ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی پێشکەوتووانی یانەکەش لە هەریەك لە (سلێمان ڕەمەزان) وەکو ڕاهێنەری تیپ (وەحید ڕەشید و حوسێن عەبدوڵا) وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەر و (زوهێر عەبدولجەمال) وەکو ڕاهێنەری گۆڵپارێز و (ماهیر ئیسماعیل) وەکو سەرپەرشتیاری تیپ دەست بە کار بوون، بۆ وەرزی نوێ خولەکەش ئەم ستافە تیپەکە بەڕێوە دەبەن و یانەکەش بە سەرپەرشتیی سلێمان ڕەمەزان (ڕاهێنەری پێشووی یانەکە) دەستی بە یەکە مەشقییەکان کردووە لەسەر یاریگای خۆیان لە شاری دهۆك، تاکو ئێستاش نازاندرێ کە ستافی ڕاهێنەرانی یانەکە چ گۆڕانکارییەك لە پێکهاتەی یانەکە دەکەن، ئایا وەکو ساڵانی تر پشت بە یاریزانانی دەرەوەی شاری دهۆك دەبەستن، یاخود پلانی ئەمساڵی کارگێڕی یانەکە پشت بەستنە بە یاریزانانی نێو شاری دهۆك و دەوروبەری، یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیش وادەی دەستپێکی وەرزی نوێی ڕانەگەیاندووە.

# دارەوان بڕیاری نەداوە




تیپی تۆپی پێی یانەی کەرکووك وەرزی ڕابردوو بە سەرپەرشتیی دارەوان قادری ڕاهێنەری لاوی شارەکە توانیی بۆ یەکەمجار یانەی کەرکووك بکاتە خاوەنی پلەی سێیەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان و تیپێکی لاو بۆ شارەکە دروست بکات، بەڵام قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان بۆتە کۆسپ بۆ سەرجەم وەرزشکاران و یانەکان و ئەوەش ئامادەکارییەکان بۆ خولەکان دوادەخات، تیپی تۆپی پێی یانەی کەرکووکیش تاکو ئێستا دیار نییە کە ئاخۆ چ کاتێك دەست بە ئامادەکارییەکانیان دەکەن، لەم بارەشەوە دارەوان قادر ڕاهێنەری وەرزی ڕابردووی یانەی کەرکووك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاکو ئێستا هیچ شتێك نەکراوە بۆ ئەوەی دەست بە ئامادەکارییەکانمان بکەین بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان.» لەبارەی چارەنووسی خۆشی وەکو ڕاهێنەر کە ئایا بەردەوام دەبێت یاخود پەیوەندی بە یانەیەکی دیکەوە دەکات، دارەوان گوتی: «تاکوئێستا هیچ بڕیارێکم نەداوە کە ئاخۆ بەردەوام دەبین، یان نا، چونکە تاکو ئێستا وادەی خولەکە دەستنیشان نەکراوە و یانەکەش هیچ ئامادەکارییەکی دەست پێ نەکردووە، بۆیە هەر کاتێك یانەکە بڕیاری دا ئێمەش دانیشتنمان دەبێت و بڕیاری خۆمان دەدەین.»



# چەندین یانە داوای یاسین کەریم دەکەن

یاریزانانی کوردی شارەکانی کوردستان بوونەتەجێگای بایەخی یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق و بە گرێبەستی گرانبەها یاریزانانی کوردستان دەیەنە ریزی یانەکانیان، یاسین کەریم گۆڵپارێزی پێشووی یانەی نەورۆز و یانەی سلێمانی و ئێستاش لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی یاری بۆ یانەی میناى شاری بەسرا دەکات، بەڵام پێشبینی دەکرێ لە دوای تەواوبوونی خولی عێراق یانەیەکی دیکە هەڵبژێرێت، لەم بارەشەوە یاسین کەریم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاکو ئێستا من پەیوەستم بەم گرێبەستەی کە لەگەڵ یانەی مینا هەمە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی و ئێستاش لە یانەکە ئاسوود چونکە وەکو گۆڵپارێزی سەرەکی یاری دەکەم لە یانەکە، ب هاتنیشم بۆ ئەو یانەیە چەندین یانەی تر داوای منیان کردبوو بۆ من شاری بەسرا باشتر بوو، چونکە یاریزانی دیکەی کورد بوو.» لەبارەی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیشی لە دوای کۆتای خولی عێراقی، یاسین گوتی: «ئێستا زۆر یانە هەیە کە گرێبەستیان بۆم ناردووە، بەڵام پێم خۆشە لە کۆتایی وەرزو تەواوبوونی گرێبەستم لەگەڵ یانەی مینا، ئەوکاتە ناوی یانەکانیش ئاشکرا دەکەم و ئەوکاتیش چارەنووسم دیاری دەکەم، یان دەمێنمەوە لەگەڵ یانەی مینا، یاخود دەچمە یانەیەکی تر، شاری بەسراش بۆ ئێمەی یاریزانانی کورد تا رادەیەك باشە، چونکە توانیومانە وەکو یاریزانی کورد ئاستی شایستەی خۆمان پێشکەش بکەین، رێزی زۆریشمان دەگرن، هیواداریشم ئەمساڵ بتوانم ئەنجامێکی شایستە لەگەڵ یانەی مینا بەدەست بهێنم، ئەوەش بسەلمێنین کەوا یاریزانانی کورد هیچیان لە یاریزانانی پیشەگەری دیکە کەمتر نییە.»